# حاجیتان و سابوراوا یان دوجەیل و ئەنفالاوا!؟

بەهێز حوسێن

Bahez2006@hotmail.com



دەقی ئەو داواکارییەم خوێندەوە کە بەندکراوێك ( ئەنور عەبدوڵلا حاجی ڕەسوڵ) بەناوی بەندکراوەکانی گوندێکی ناوچەی سورداش نوسیویێتی و ئاراستەی دادوەری لێکۆڵینەوەی دوکانی کردووە ، تووشی شۆك هاتم کە پاش ئەزموونێکی دەیان ساڵەی سەدام و ڕژێمەکەی ، هێشتا لە کوردستان ئاوا بیر بکرێتەوە و حکومەتەکەشمان بانگەشەی سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ بکات !

من بۆ خۆم نە کەسی کوژراوەکەم و نە بکوژەکانیش ، هەروەها لە ژیانیشمدا ئەو ناوچە و گوندەشم نە دیوە کە کێشەکەی تێدا بووە ، بەڵام وەك ڕۆژنامەنووسێك حەق بە خۆم ئەدەم لە بەرژەوەندی کوژراو و قوربانییەکانی تر و سەروەری یاسا و فەراهەمبوونی مافەکانی مرۆڤدا چەند سەرنج و قسەیەك بکەم .

بە کورتییەکەی لە 2006/7/29 لە ناوچەی سورداش لەخوار گوندی ( حاجیتان و سابوراوا )ی سەر بە قەزای دوکان ، لە گەرمەی سولحێکی عەشایەری نێوان دوو بنەماڵەدا ، چەند هەرزەکارێکی نەزان دەستڕێژی گوللەیان بەنێو مەجلیسی سولحەکەدا کردووە و عەقیدێك بەناوی ( ئەحمەد عەبدولڕەحمان جاف ) شەهید بووە و مەلایەکیش بە ناوی ( حەسەنی حاجی مستەفا ) بریندار‌بووە ، هەرپاش ڕوداوەکە بە فەرمانی دادوەری دوکان فەرمانی دەستگیرکردنی ئەوانە درا کە تەقەیان کردووە ، بەڵام جگە لەو تاوانبارانەی کە تەقەکانیان کردووە (17 ) کەسی تری سەر بەو گوند و تایەفەیەی تەقەکانیان کردووە دەستگیرکراون کە لە نێویاندا هەیە نە لەکاتی ڕوودا‌وەکەدا لە گوندەکەدا بووە و نە ئەسڵەن چەکیشی پێبووە .

جگە لەمەش دەستگیراوە بەسەر ماڵوحاڵیاندا و خێزانەکانیشیان ئاوارە بوون و منداڵەکانیان لە خوێندن دوورکەوتوونەتەوە ، من بۆ خۆم تەنها لە کلتوری بەعسدا بیستووە کە ئەگەر کەسێك تاوانێکیشی بکردایە سزای بنەماڵەیەکی ئەدا یان خانووەکەی دەڕوخاند ، بەڵام وەك ئەوەی لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە دەست بەسەر چەندان ئۆتۆمبیل و تراکتۆریی کشتوکاڵیشدا گیراوە کە ئەسڵەن لە کاتی ڕووداوەکەدا لە ناوچەی ڕووداوەکەش نەبوون ، ئێستا بە تەواوەتی ئەو گوندە لە گیانلەبەر چۆڵکراوە و ژیانی تێدا قەدەغەکراوە و زۆر لە ماڵەکانیش تاڵانکراون و خێزانەکانیش ئەوە چوارمانگ زیاترە ئاوارەبوون و بەسەر ماڵی خزم و ناسیاویانەوە دەژین ، بە کورتییەکەی کەسێکی بەڕێز و تێکۆشەر کوژرا ، لە بەرامبەردا دەیان کەس خزێنراونەتە گرتوخانە و ئاوارەبوون و گوندێکیش چۆڵکراوە و ...هتد .

ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم ڕەشبگیری و دەرکردن و ( نیمچە ئەنفالکردنە ) بە ئاگاداریی دادوەری لێکۆڵینەوە و بە پۆلیس و پیاوانی ئاسایش ئەنجامدراون ! من تێناگەم تۆبلێی یاسا نەتوانێت بکوژانی ( عەقیدی شەهید ) کە لەبەردەستیاندایە نەتوانن ئەگەر بە ( قصاص ) یش بێت سزا بدەن و یاسا سەروەر بکەن؟ چۆن دەبێت لەبەر شەهید کردنی کەسێك گوندێك چۆڵبکرێت و نێرەکانی بخزنرێتە گرتووخانەوە و ژن و منداڵەکانیشیان ئاوارە و دەربەدەر بکەن ؟

هەمووی چەند ڕۆژێك نابێت ( سەدامی دیکتاتۆر ) لە سێدارە درا لە سەر ئەوەی هەوڵی کوشتنیان دابوو لە ( دوجەیل ) و ئەویش بێستانەکانی تێکدان و سەدان کەسی خزاندە گرتوخانەکانەوە و 148 کەسی لێ کوشتن ، ئەبێ ئێمەش هەمان ڕەفتار دووبارە بکەینەوە کە نە ئاین و نە یاسا و ڕێساکانی بەشەرییەت قبوولی دەکەن !؟

ئەوە عەلی کیمیاوی و ئەوانی تریش لەسەر چۆڵکردن و سزادانی ژن و منداڵ و خاپوورکردنی گوندەکان دادگایی دەکرێن ، چۆن زاتی ئەوە کراوە بەهۆی کێشەیەکی لەو جۆرەوە گوندێك ژیانی تێدا قەدەغەبکرێت و ژن و منداڵەکانیشی ئاوارە و دەربەدەر بکرێن !؟

نازانم بەڕێز سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیری داد ووەزیری ناوخۆ و وەزیری مافی مرۆڤ و پارێزگاری سلێمانی و قایمقامی دوکان چۆن بێئاگان لە مەسەلەیەکی ئاوەها و چۆنە کە نایەنە قسە و هەڵوێست وەربگرن ؟

پێموایە ( عەقید ئەحمەد عەبدولڕەحمان جاف ) بووە شەهیدی ئاشتی نێوان دوو بنەماڵە و سەربەرزیش دەمێنێتەوە و بە کوشتنەوەی ئەوانەش کە شەهیدیان کرد ، ناگەڕێتەوە ، بەڵام با یاسا سەروەر بکەین و گیانی لێبوردەیمان هەبێت و بە ناوهێنانیشی ( کەمن بۆ خۆم نایناسم ) دیارە ئەگەر ئێستا بە جەستەی زامداریشەوە هەستایەتەوە ئەو حاڵەی قبوڵ نەدەکرد کە لەبەرامبەر شەهید کردنیدا گوندێك ( ئەنفال ) بکرێت .

ئەوەی مایەی ترسی گەورەشە ئەوەیە کە ئەم حاڵە چوارمانگ زیاترە درێژەی هەیە و حکومەت بۆی چارەسەر نەکراوە و لێی بێدەنگە و لەو لاشەوە دەیان پەرلەمانتار موچە وەردەگرن و وەزارەتی مافی مرۆڤیش دەیان ئۆتۆمبیلی کەشخەیان هەیە و دەیان بیناشیان بۆ بارەگاکانیان داگیر کردووە !